# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

**لە کۆمەڵگایەکدا کە تازە لەسەرە ڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەراوێز خستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناك دادەنریت بۆ داهاتەی ئەم ولاتە، ئایە ئەم پەراویزخستنە لە چیەوە سەرچاوەی گرتوە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دوری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بونی هەبووە، یاخود حاڵەتێکی لێکتێنەگەشتنە کە ئەمرۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتۆتەوە، ئایە گرفتێك هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخود دیسانەوە نا تێگەشتنێك هەیە، ئەرکی دەسەلاٌت چیە لە بەرانبەر ئەم قەیرانەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چیبن و چۆن جێبەجێان بکات؟، دەست پێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکاریانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی ولاٌتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.**

**ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینەڕو، بەلاٌم ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی 6 مانگمە و لە ڕێگەی ڕۆژنامەی جەماوەرەوە خستومانەتەڕو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دوبارە بیخەینە ڕوو، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا دوبارە بونەتەوە.**

**سازدانی تەوەر : ڕێبوار ڕەزا چوچانی :** rebwarreza1983@yahoo.com

..............................................................................................

" 6 "

**نەجات حەمید ئەحمەد:**

## هەرگیز لەگەڵ ئەو گەنجە نیم کە هیچی پێ نیە و تەنها لە ڕێگەی ورووژاندنەوە دەیەوێت خۆی بسەپێنێ بەسەر بارودۆخەکەدا



*حەز دەکەم لەوەوە دەست پێبکەین، لە سەرەتای قۆناغەکانی ژیانکردنەوە ململانێك هەیە بە ناوی ململانێی نەوەکان، بە تێروانینی تۆ ئەم ململانێیە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمە حاڵەتێکی ناتێگەیشتنە یاخود هەر ڕەتکردنەوەی نەوەکانە بۆ یەکتری؟

– لە هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تازەبوونەوەی فیکر و بیرکردنەوەی تێدایە، ململانێی نێوان نەوەکان لە چەند ڕوویەکەوە ڕەنگدەداتەوە، یەکەم لە چۆنێتی بیرکردنەوەدا، چۆنێتی بیرکردنەوە ئەو جیهانبینییەیە کە مرۆڤ هەیەتی بۆ دەوروبەری خۆی، بۆ مرۆڤەکان، بۆ ئەو ولاٌتەی خۆی، بۆ کەسەکانی ناو کۆمەڵ، ئەمە زیاتر لایەنی ژیاری دەگرێتەوە، ژیانی کەسەکان خۆیان، ئەمەیش کاریگەری هەیە لە چۆنێتی ژیان، بۆ نموونە بڵێین کێشەی گەنجان لە چیدایە؟ لەوەدایە ئاخۆ ئەو ململانێیە لە ڕەتکردنەوەی کەلتوور و بیرکردنەوەی نەوەیەك خۆی دەنوێنێ، یاخود لەوە خۆی دەنوێنێ کە نەوەیەك هاتووە و نەوەی پێشوو کە دەسەلاٌتیان هەیە لە هەموو بوارەکاندا و ئەو گەنجانەش ناتوانن خۆیان ببیننەوە لەو شوێنانە یاخود لەو جێگەیەی کە ئەو شێوە بەڕێوەبردن و ئەو شێوە بیرکردنەوانەی تێدایە، من بە ڕاستی شتێکی لەو جۆرە بە ڕوونی نابینم، ئاخۆ نەوەی نوێ هەڵگری جیهانبینیەکە یان نا؟ من بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم نەوەی نوێ بە ڕێگەیەکدا دەڕوات کە لایەنی دروستی تێدایە و لایەنی زۆر هەڵەشی تێدایە، لایەنی هەڵەکە لەوێوەیە کە نەوەی نوێ بە هەموو شێوەیەك نەوەی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە، بەلاٌم لەسەر چ بناغەیەك، لەسەر چ جیهانبینییەك، ئاخۆ نەوەی نوێ جیهانبینییەکی پێیە بۆ جێگرتنەوەی بیرکردنەوەی ئەو نەوەیەی کە بە نەوەی پێشوو ناو دەبرێت، لە ڕاستیدا من باوەڕم بەوە نییە کە کێشەکە لە تەمەندا بێت، نەخێر تۆ بڕۆ هەموو ڕۆشنبیریی دنیا بخوێنەوە، کەسانێکی زۆر بە تەمەن و گەورەن، بەلاٌم سەیر دەکەی لە گەنجەکان زۆر گەنجتر بیردەکەنەوە، بەوانە چی دەڵێیت؟! گەورەترین

داهێنەرەکانی دونیا لە تەمەنی گەورەییدا داهێنانیان کردووە، تەنها ئەوە نەبێت کە لە وڵاتێکدا چەند کەسێك دەبینی کە گەنج بوون و تاقەتی بیرکردنەوەی خۆیان داوە و دوای ئەوە وەستاون، بەڵام ئەوە راستە مرۆڤ کە گەنج بوو لە هەموو روویەکەوە تازەبوونەوەی تێدایە لە ژیانی، لە بیرکردنەوەی، و زۆریش دەگۆڕێ بیروباوەڕی بە بەراورد لەگەڵ کەسێکی قاڵبووەوە لەناو تەمەن درەنگ خۆیان دەگۆڕن، کێن ئەوانەی کە خۆیان دەگۆڕن لەناو کەسە بە تەمەنەکاندا؟ زیاتر ئەوانەن کە خاوەنی بەرژەوەندییەکن یاخود لە پێناوی بەرژەوەندییەکدا یاخود هیچ بەهایەکی فیکری و جیهانبینییان نییە، ئەوانە تەنیا دەیانەوێت بژین لەناو ئەو رۆشنبیرییەی کە هەیە، لەناو ئەو ژیانەی کە هەیە، لەناو ئەو سیستەمەی کە هەیە، بەراستی ئەو سیستەمەشە رێگە دەدات کە ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە دروست ببێت کە ئەمە نەوەیەکە بڵێین خاوەن ئەزموونە و دەبێت لە سەرووی کارەکانەوە بێت. نەخێر هەموو کارێك ئەگەر بە جیهانبینی تازەوە بۆی بچین، شوێنی خۆی دەدۆزێتەوە، پێویست بەو کێشەیە ناکات، ململانێ لەسەر بناغەی تازەکردنەوەیە، من دێم بە ئایدیال و بیرکردنەوەیەکی تازەوە دێم، لەوانەیە هەموو بیروباوەڕی گەنجەکانیش بخەمە ململانێ و شیتەڵیان بکەمەوە، کەواتە من گەنجترم لە خودی گەنجەکان، لەبەرئەوەی من خاوەنی جیهانبینیەکم، لێرەدا مەبەستم خۆم نییە، مەبەستم ئەو کەسەیە کە خاوەنی جیهانبینییەکی تازەیە، بیرکردنەوەیەکی تازەیە، کە بیرکردنەوەیەکە لەگەڵ سەردەمی خۆی دەگونجێ، یاخود سەردەمی خۆی رەتدەکاتەوە و بیرکردنەوەی نوێ دەبەخشێ بە خەڵك، دۆزینەوەی تازە دەبەخشێ بە خەڵك، لێرەیە کە من باوەڕم وایە لەلای ئێمە بەو شێوە روونە نییە، من حەز دەکەم روونکردنەوەی زیاتر بدەم لەو رووەوە هەموو کۆمەڵگەیەك سیستەمێکی بیرکردنەوەی هەیە، جا ئەو سیستەمە سیستەمی سیاسی دەگرێتەوە، سیستەمی رۆشنبیری دەگرێتەوە، لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرێوەبردن دەگرێتەوە، ئەو سیستەمە ئیدیعای چی دەکات، بۆ نموونە لای ئێمە با بڵێین بانگەشەی مەدەنیەت دەکەین، پرسیارەکە لەوەدایە ئاخۆ لەو سیستەمەدا لە هەموو بوارەکاندا دەرفەتەکان کراوەیە لەبەردەم تازەبوونەوەدا، من بە دڵنیاییەوە پێت دەڵێم نەخێر وانییە، ئەو سیستەمەی لەلای ئێمە هەیە سیستەمێکی نە تازەیە کە تاك تێیدا هەموو تواناکانی خۆی بدۆزێتەوە و دەرفەتیشی بۆ دەرکەوێت، نە دەستەجەمعییەکە وەکو بڵێین ئایدیۆلۆژی تەواوە کە بە کۆمەڵ ئێمە پێکەوە ئیش بکەین، بە کۆمەڵ بیربکەینەوە، واتە بیرەکانمان هەمووی کۆپی بیری دیکە بێت، لەو کۆمەڵگەیانەدا تاك بزر دەبێت بە تایبەتی لەو کۆمەڵگەیانەی کە بینیومانە کۆمەڵگەیەك کە ئایدیۆلۆژیا بەرێوەی دەبات، نە بەو شێوەیەیە، ئێمە لە نێوانی دوو جۆر سیستەمین، سیستەمێك کە شوێنی هەموو کەسێکی تێدا دەبێتەوە، بەدەر لەوەی ئەو کەسە چەندێك بە توانایە یاخود بە توانا نییە، یان هەڵگری چ بەڵگەنامەیەکی ئەکادیمییە، یاخود خاوەنی هیچ نییە، ئەو یاسایانەش کە بۆ بەرێوەبردنی ئەو سیستەمانە دانراون، یاسایەکن کە کەموکورتن لە ئاست حەقیقەتەکانی گەنجێك یان کەسێك کە چۆن پەرە دەسەنێت یاخود لە کوێدا خۆی دەبینێتەوە یان بەرەو کوێ دەچێت، هەڵەکان لەوێوەیە، بەڵام من پێت دەڵێم لە بەرانبەریشدا هەڵەی گەنجەکانمان لەوێوەیە کە هێشتا جیهانبینیەکی روونیان لانیە کە ئەوان ئامانجیان چییە و چیان دەوێت و چۆن بیردەکەنەوە.

* ئەگەر ئێمە باس لەوە بکەین کە گەنج ئامانجێکی نیە یاخود جیهانبینییەکی نیە بۆ ئەوەی رەوشێکی تازە بێنێتە ئاراوە، تۆ پێت وانییە ئەمە کاریگەری ئەو رەوشەیە کە نەوەی پێشوو نەوەی ئێستا رەتدەکاتەوە، ئەمە یەکەمینیان، دووەمیش ئێمە چی بکەین بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمەی کە وایکردووە نەوەیەك نەوەیەکی تر رەتبکاتەوە و نەوەیەك لەسەر حیسابی نەوەیەکی تر خۆی بباتە پێشەوە؟

–یەکەمینیان بۆ وەڵامی ئەو لایەنەی کە هەموو هەڵەکان بخەینە ئەستۆی نەوەی پێشوو، واتە نەوەکانی پێش راپەڕین، چونکە ئێمە دەتوانین بڵێین نەوەیەکمان هەیە لە دوای راپەڕین کە ئەو ژیانەی نەوەی پێش راپەڕین بینیویەتی ئەم نەیدیوە، هەر لێرەدا خۆی جۆرێك لە بیرکردنەوە دەسەپێنێتە سەر کەسەکان، من مەبەستم نییە بەدوای ئەمەدا بچم، مەبەستم ئەوەیە کە نەوەیەك هەیە لە نەوەی پێشوو، واتە بەر لە راپەڕین نەوەی تازە رەت دەکاتەوە. بەڵام ئەو نەوەیە خاوەنی ئەو بیرکردنەوەیە یان ئەو جیهانبینییە یان ئەو توانایە نیە بتوانێ بەو ئاسانییە نەوەی نوێ رەتبکاتەوە، لەبەرئەوەی ئەوان لەسەر نەمەتێ یان شێوازێ لە بیرکردنەوە هاتوونە زۆربەیان نەیانتوانیوە ئەو بیرکردنەوەی خۆیان بگۆڕن یاخود دەتوانین بڵێین هەر لە بناغەوە ئەوان خاوەنی بیر نەبوون، کەسانێکی دەرفەتخواز بوون، کەسانێکی هەلپەرست بوون، کەسانێکن لە هەموو جۆرە سیستەمێك، لە هەموو شوێنێك جێگەی

خۆیان دەکەنەوە، ئەوانە کەسانێکن تەنها توانای خۆیان لە رووی ئیداری و لە رووی شوێنگرتنەوە دەبیننەوە، وەئەوەیش توانایەکی گەورەی بۆ تەرخان دەکەن، من لەو باوەڕەدا نیم کە هەموو نەوەی پێش راپەڕین خاوەن ئایدیال و جیهانبینی خۆی بووبێت، چونکە بەر لە راپەڕین هەندێك مەسەلە گرنگیش نەبووە بە تایبەت مەسەلەی بیرکردنەوە لە مەعریفە و لە فەلسەفە، لەبەرئەوەی کێشەی بنەڕەتی ئێمە بەر لە راپەڕین زیاتر کێشەیەکی سیاسی بووە، بەراستی لە دوای راپەڕینەوە کەسانێکی دیکە بیر لەوە دەکەنەوە کە چ جۆرە ژیانێك بژین و چۆن بیربکەینەوە، سیستەم چییە، پرسیار لە خۆی دەکات، پرسیار لە ناسنامە و لە رابردووی خۆی دەکات، پرسیار لە ئێستای خۆی دەکات، من لەگەڵ هەموو ئەمانەم، ئەم پرسیارانە هەمووی رەوایە، گەنجی ئێستا بە شێوەیەك لە شێوەکان کە خۆی لەو بوارانەدا دەبینێتەوە، من بە خاوەن ماڤ دەزانم، بەڵام من لەوەدا بە خاوەن ماڤ نازانم کە نەوەیەك بێت بڵێت دەبێت من ببمە پادشا، لەبەرئەوەی من نەوەیەکی تازەم و ماڤ خۆمە لەبەرئەوەی گەنجم، نەخێر...
لە هەموو وڵاتانی دنیا هەزاران گەنج دێن و دەرۆن بەڵام ئەگەر خاوەن توانای خۆیان نەبن، شوێنیان لە هیچ جێیەك نابێتەوە، لەسەر جادە دەنون، تەنانەت لەوانەیە پاش ماوەیەك کە گەورە دەبێت دایك و باوکیشی نەتوانن ژوورێکی بدەنێ تایبەت بە خۆی، دەبێ ژیانی خۆی بووێت، کەواتە لێرەدا پرسیارەکان هەمووی دەگەڕێتەوە سەر ئەو سەرچاوەیە تۆ چیت پێیە بۆ گۆڕانکاری؟ تۆ دەتەوێت نەوەیەك رەت بکەیتەوە لەسەر چ بناغەیەك، ئاخۆ تۆ دەتەوێت چی بکەیت و ئامانجت چییە؟ ئەی لایەنە سیاسییەکە چی لێدەکەیت، تۆ هەڵوێستت چی دەبێت؟ ئاخۆ من دەبێت بیر لەوە بکەمەوە، بۆ نموونە چەندین تەوژمی بیرکردنەوەی دژ بە خۆمان هەیە لە ناو بیرکردنەوەی نەوەی نوێ، یەکەم: گرێی هەموو کاتێك دەبێت دەسەڵات تاوانبار بێت، من ئەوە بە هەڵەیەکی زۆر گەورەی دەزانم کە نەوەی نوێ دەیکات، دووەم: لەو پێناوەدا ورووژاندن دروست دەکەن، جۆرێك لە ئیستیفزازیشی تێدایە بۆ دەسەڵات کە هەندێ کەسان ناچار دەکەن پشتیان بگرن یاخود هاوکارییان بکەن یاخود لە پێناو مەبەستێکی لەو جۆرانە دەروات، کەسانێك هەیە بانگەشەی زۆر گەورە دەکەن، بەڵام بە قات و بۆینباخەکەیانەوە شەوانە بایی (50000) دینار مەشروبات دەخۆنەوە، باشە ئەو گەنجە چەندێك توانیویەتی خزمەتی میللەتەکەی بکات، ئایا ئەو گەنجە ئەو شێوە ژیانکردنەی خۆی بە شایستە دەزانێت بۆ ئەو کەسەی کە کرێکاری دەکات، کەواتە دژ بە یەکیەکە لێرەیە لە چۆنێتی بیرکردنەوەی ژیان، تۆ کە ئامانجت نەبوو، دەتوانیت بە هەر شێوەیەك بێت بژیت بۆ خۆت و گرنگیش نیە لەلات چی دێتە سەر تۆ، چی نایەتە سەر تۆ.
من ئەم پرسیارە لە تۆ دەکەم لە چ لایەنێکەوە کێشە و ململانێی گەنجەکان لەسەر بیرکردنەوە بووە؟ خاڵی سێیەم ئەوەیە کە جۆرێك لە مامەڵەکردنی نارۆشنبیری دروستبووە، لە بارودۆخێکدا کەسانێك بانگەشەی ئەوە دەکەن کە نەوەیەکی تازە هەیە و دەبێ ئەو نەوەیە نەوەی پێش خۆی رەتبکاتەوە، و دەبێت دژی دەسەڵات بێت، من سەیرم دێت لەوە، باشە ئێمە کێ ژیانمان دەبات بەرێوە، کێ بڕیار لە ژیانمان دەدات، ئێمە چۆن دەتوانین هاوبەش بین لەو بڕیارانە، ئاخۆ ئێمەش دەتوانین هاوبەش بین یان نا، ئاخۆ کێشەی نەوەکان لەوەدایە؟ من لەو باوەڕەدا نیم بە تایبەتی لەوەدا بێت.
* ئەگەر بمبەخشی لێرەدا یەك شت گرنگە کە لەسەری هەڵوەستە بکەین، جەنابت لە قسەکانتدا گوتت لەناو گەنجاندا جۆرە بیرکردنەوەیەك دروست بووە و هەندێك پرسیارشییان لەلا گەڵاڵەبووە خۆشت گوتت من لەگەڵیاندام، ئەو پرسیارانەیش ئەوەیە نەوەی نوێ لەخۆی دەکات لەبارەی خۆی، لەبارەی مەوقیعی ئێستای، لەبارەی میتۆدی بیرکردنەوەی لە چۆنێتی ژیانکردنی خۆی، ئەمە بۆ خۆی سەرەتایەك نیە بۆ دروستبوونی جیهانبینییەکی تازە لەلایەن نەوەی نوێ؟دووەمیش تەوژمی بیرکردنەوەی نەوەی نوێ لە بەرانبەر دەسەڵاتدا پێتوانییە دەسەڵاتیش لەم رووەوە کەمتەرخەمە لە ئاست هێنانەدی ماف و ئازادییەکانی گەنج بۆیە ئەو کاردانەوانە روودەدەن؟
– من لەسەدا سەد لەوە لەگەڵتام کە کەموکوڕی هەیە لە چۆنێتی بیرکردنەوەی دەسەڵات بۆ گەنجان یاخود ئەو رێ و جێیانەی کە سیستەم دروست دەکەن لای ئێمە، ئەو سیستەمەی کە ئیتر هەموو دامودەزگە و هەموو رێکخراو و هەموو سەنتەر و هەموو دەرفەتەکانی لێدەبێتەوە لەبەردەم گەنج، من پێت دەڵێم ئەو سیستەمە کەموکورتی زۆری تێدایە وەکو لە سەرەتاش گوتم کەموکورتیەکان لەوێوەیە کەسانێك نوێنەرایەتی ئەو بڕیارانە دەکەن کە هێشتا نازانن کە ئاخۆ چۆن تەقەبولی ئەوە بکەن یاخود رازی بن بە تازەکردنەوە، هەموو دەمێ کەسانێك هەیە کە تازەبوونەوە بە مەترسییەکی گەورە دادەنێت، وا دەزانن ئیتر ئەوان شوێنیان نامێنێ و مووچەیان نامێنێ، لە هەموو دامودەزگەکان سەیر بکە کەسانێك هەن کە دەسەڵات دایناون نموونەیەکی

سەداسەد، تەواو دەدەنە دەسەڵات لە بارەی خۆیانەوە، بەڵام ئەگەر گەنجێك بێت و دەرفەتێكی لەبەردەم هەڵبكەوێت، هەوڵدەدەن ئەو دەرفەتەی لێبگرن، ئەمەیە سیستەم؟ سیستەم لێرە چۆنە؟ سیستەم یاسایەكە كە هەمووی كراوەیە، ئەو یاسایانە لەبەردەم تواناكانی گەنج، بەڵام ئەوە نابینین لێرە، لەبەرئەوەی ئەو كەسانەی كە دەتوانن بڕیار بدەن لە چۆنێتی بە خۆگرتنەوەی گەنجەكان لەسەر بناغەی توانا و هێز و بیركردنەوەكانیان، لەسەر توانای جیهانبینییان بەو شێوەیە نییە، ئێستا تۆ لە شتێك بڕوانە گرووپێكی هونەری نەوەی پێشوو كە دەچێت شانۆگەریەك دەباتە وەزارەتێك یان شوێنێكی پەیوەندیدار سەیر دەكەیت بە بێ سنوور پارەی بۆ سەرف دەكرێت، بەڵام ئەگەر گرووپێكی گەنج بچێت پارەیەكی كەمی بۆ سەرف دەكەن، ئەمە هەڵەیەكی گەورەیە.

* لێرەدا مەترسی سەرهەڵدەدات، ئەو مەترسییە لە چیدا دەبینیت؟

– یەكەم شت دەبێت ئێمە بە سنگێكی فراوانەوە گوێ لە ڕەخنە و داواكارییەكانی گەنج بگرین و، نەیانخەینە پەراوێزێكەوە كە هەست بكەن بەشدار نین لەو ژیانەی كە ئێمە هەمانە، ئەو ژیانەی ئێستا هەمانە، ژیانێكی فەنتازییە با پێت بڵێم، لەبەرئەوەی ئەگەر یەكێك نەژیابێ لەناو ئەو هەموو ئازارەی كە درا لە پێناو ئەم ژیانەی ئێستا، زۆر زەحمەتە بە خوێندنەوە بە تەواوەتی بزانێ ئەو ژیانە چییە كە ئێستا ئێمە تێیداین، ئێمە میللەتێكی بەختەوەرین، نەوەیەكی بەختەوەرین، بە كۆن و پیرەوە كە ئێستا لەم سەردەمە دەژین لەبەرئەوەی لە ژیانی خۆمان خەونیشمان بە ڕۆژێكی ئاواوە نەدیوە، ئەمەیش موعجیزەیەك نییە چونكە هەموو میللەتان بەو زەحمەتەدا تێپەڕیون، بەڵام لێرە ئەو نەوەیە دەبێت دەرك بە خۆی بكات، دەركردن بە خۆ مەبەستم ئەوەیە كە ئامانجێكی دیاریكراو بۆ خۆی دابنێ، ئامانجێكی دیاریكراو كە كاری لەسەر بكات، نەك ئامانجێك كە تۆ هەموو شتێك ڕەت بكەیتەوە، هەموو شت ڕەت ناكرێتەوە، ساكارترین مرۆڤ لە بیركردنەوە و تەنانەت لە لایەنەكانی ڕۆشنبیریش مافی ئەوەی هەیە كە تۆ گوێی لێبگریت، كە تەقەبولی بكەیت، كە بزانی چۆن بیر دەكاتەوە، من لەوێوە خەلەل دەدۆزمەوە لەو جۆرە بیركردنەوەیەی گەنجدا، لە سیستەمیش هەڵەیەكی گەورە هەیە لە بەڕێوەبردنی بڕیارەكان یاخود ئەوانەی كە نوێنەرایەتی بڕیاردانن لەسەر گەنج و نەوەی نوێ، شێوەیەكی زۆر هەڵەیە، لەبەرئەوەی هەموو كاتێك ئەو سیستەمە نەوەی نوێ دەكاتە پەراوێزی خۆیەوە كە گەنجیش بووە پەراوێزی ئەو ژیانەی ئێستا، بێگومان هەڵوێستێكی زۆر خراپی دەبێت بۆ نموونە ئێمە نەوەیەكی كۆنمان هەیە چوونە دەرێ، دەتوانم بڵێم ئێستا لە10٪ی ئەو نەوەیە هەڵوێستێكی ڕوونی هەیە بەرامبەر بە ئێستای كوردستان یاخود بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسی، ئەمە بۆ وایە؟ لەوانەیە ئەمە كاردانەوەی بەشدارنەبوونیەتی لەو ژیانەی ئێستا، چونكە ئەو لە سەردەمێكی تاریك كەوتە دەرەوە، گوناهی خۆی نەبوو، گوناهی كەسیش نەبوو، گوناهی ئەوە بوو كە ئێمە كورد بووین و ژیان و چارەنووسی ئێمە دیاریكراو بوو چۆن بژین، ڕاكردن و چوونە چیا و بوون بە پێشمەرگە ئەمە هەمووی ئەو كاردانەوە بوو دژی ستەمی ئەوسا، بەڵام ئێستا وەك گەنجێك زۆر زەحمەتە بێتەوە و لەگەڵ دامودەستووری ژیانی ئێستادا بگونجێت و بژێت، ئەوەش گوناهی كەس نیە، گوناهی دەسەڵاتیش نییە، ئەوە ژیانێك ئەوانی فڕێدایە دەرەوەی وڵات.

*لێرەدا باسی بەختەوەری دەكەین بەڵام تۆ ئەگەر زاری گەنجێك بكەیتەوە دنیایەك موعاناتی هەیە، كە ئەم موعاناتانە وایانكردووە ئەسڵەن بەختەوەرییەكان نەبینێ، ڕاستە ئێمە لەوانەیە لە كۆمەڵێ ڕووەوە جۆرێك لە ئازادی و كراوەییمان لەبەردەمدا بێت بەڵام لەمومارەسەكانی تری ژیاندا ئەم ئازادییە نیە، بۆ نموونە كاتێك گەنجێك دەبینین كە دەیەوێت ژیانێك بۆ خۆی بونیاد بنێ، وەكو ژیانی هاوسەری بەڵام شوێنێك نیە ڕووی تێبكا و شتێك نیە بە دەستیەوە تا ئەو ژیانەی لەسەر دروست بكات و لە ئایندەی خۆیشی دڵنیا نیە، لەبەرئەوەی ئێمە لە وڵاتێكداین تا سەر ئێسقان پەراوێزخستنی گەنجان لە هەموو لایەنەكانەوە دەبینرێت، گەنج گەر كۆڵێ موعاناتی نەبێت، بۆچی هەڵدێت لەم واقیعە؟

– بە ڕاستی ئێمە لە ئاراستەیەك دەڕۆین كە دوو سەری هەیە، یەكەمینیان ئەوەیە كە ئێمە لە دوای ئەوەی كە كۆمەڵی كوردی لە دوای دەسەڵات و ئەو ڕەوشەی كە ئێستا هەیە ئەویش لە دوو كێشەدا دەژی، یەكەمینیان كێشەی بەغدا و كەركوك و ناوچەكانی تر و سیاسەتی ناوچەكە بە گشتی و سیاسەتی نێودەوڵەتی ئێستا زۆربەی كێشەكان سەرهەڵدەدا لەناو كۆمەڵگەی ئێمەدا هاوكاتە لەگەڵ بارێكدا كە ئێمە ئێستا ناتوانین لە ماوەی ڕۆژێك و دوو ڕۆژ ئەو كێشانە چارەسەر بكەین، بۆ نموونە پێت دەڵێم كێشەی بەنزین و كارەبا و ئاو و خانوو و هەموو كێشەكانی تریش هاوشانە لەگەڵ كێشەكانی دیكە، بەڵام پاساو بۆ ئەوە نادۆزمەوە بڵێم

دەسەڵات لە کێشەدایە و ناتوانێ هیچ بکات، نەخێر وانیە دەرفەتی زۆر هەبووە و هەشە، کە ئەو گەنجانە دەرفەتیان هەبێ بتوانن ئەپارتمانێکیان دەستبکەوێت کە تێیدا بژین، و ژیانی هاوسەری پێك بێنن، من پێت دەڵێم کە ناعەدالەتیەکی روون هەیە لەو مەسەلانەدا، لەبەرئەوەی کە تۆ لە سەداسەد ماف خۆشت بێت بەوەی ئەپارتمانێك وەربگریت، زۆرجار تۆ بێبەش دەبیت لەو ئەپارتمانە، لێرەدا ئەوانەی کە ئەو کارە دەبەنەرێوە کەسانێکی وردبین نین لەو کارەدا، لەژێر کاریگەری برادەرایەتی و زۆر شتی دیکەن کە ئەوانیش هەندێجار بە ناچاری ئەو شتانە دەکەن و هەندێجار لە دەسەڵاتی خۆشیان تێپەڕ دەبێت، کەواتە بۆ نموونە ئەگەر 100 شوققەی نیشتەجێبوون دروست بکرێت، هەشتایان واسیتەی بۆ دەکرێت، باشە چەند گەنج دەتوانێ لەو شوققانە سوودمەند بێت؟ مەسەلەکە لێرەدایە کاتێك کە دەیانەوێت شوققە دابەش بکەن بەرای من دەبێت لە سەرەتاوە بیر لەوە بکرێتەوە کە بیدەن بە کێ، ئەو بڕیارەی کە حکومەت و دەسەڵات دەیدات کاری دەوێت، کوانێ ئەو سەرژمێریانەی حکومەت لەبارەی شارەکانی ئێمەوە، من پێت دەڵێم هیچ سەرژمێرییەکی وردبینانەمان نیە، لەو روانەوە پێویستە سەرژمێری زۆر وردبینانە هەبێت، ئاخۆ ئێستا حکومەت دەزانێت چەند گەنج لەم شارەدا هەیە، چەندی بێکارن، چەندی بێ سەرپەرشتیارن، چەندی پاشماوەی شەهید و ئەنفالن، ئاخۆ هەموو ئەوانە کۆکراوەتەوە لە جێیەك کە بخرێتە بەردەم بڕیاربەدەستەکانەوە کە بڵێ ئەو هەموو گەنجە بێبەش نەبن لەو شوققانەی کە دروستیان دەکەین، لە سەدا بیستی بۆ ئەوان بێت، دەبێت لەسەر ئەو سەرژمێرییە دابەشکردنی کار بناغەی بۆ دابنرێت، شتەکان بە هەڕەمەکی نەڕوات، ئەگەر ئێمە دەمانەوێت ببینە سیستەم، پێویستە لەسەر بناغەیەك بێت کە زۆر زۆر بێلایەن بێت، لەوێدا گەنج دەرفەتی خۆی دەدۆزێتەوە، بەڵام کە ئەم سیستەمە نەبوو گەنج چی دەکات؟ دەچێت چەندین یاداشتنامە دەنووسێت، کەس هەر وەڵامیشی ناداتەوە، ئەو گەنجە جۆرێك لە کاردانەوەی رقوکینەی لا دروست دەبێت، لەبەرئەوەی ئەو هەست دەکات هەموو ئەو شتانەی کە دروست دەکرێت بەشی ئەوی تێدا نیە، بۆیە کاردانەوەی لا دروست دەبێت، ئەمەش شتێکی سروشتییە، دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چارەسەرەکەش لەوەدایە کێ بڕیار دەدات، لە هەموو دەرفەتێك کە دێتە پێش بۆ ئەوەی گەنجێك بتوانێ ژیانی خۆی بگۆڕێ، گەنجێك کە کۆلیژ تەواو دەکات مافی خۆیەتی دابمەزرێت و مووچەیەکی هەبێت کە پێی بژی، کاتێکیش دەگاتە ئەوەی کە ژیان بۆ خۆی پێکەوەنێ، مافی خۆیەتی ئەپارتمانێکی هەبێت و تێیدا بژی.

* باسی کێشەکانمان کرد وەك ئەو کێشانەی کە لەبەردەم حکومەتدایە و ئەو جۆرە شتانەی کە جەنابت باستکرد، بەڵام دروستکردنی ئەم کێشانە تۆ پێتوانییە بۆ مەبەستێك بێت لە فریودان، کاتێك کە باسی شۆڕش و راپەڕینەکان دەکرێت هەمیشە گەنج بزوێنەری ئەم شۆڕش و راپەڕینانە ناودەبرێت، ئەمە شتێکی بەڵگەنەویستە، بەڵام لەم کاتەدا کە سەردەمی دەسەڵاتە و سەردەمی بەرقەراربوونی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و ئەو دروشمانەی دیکە، بێبەشکردنی گەنج لەم ئیمتیازانە بەپاساوی ئەوەی کە حکومەت کێشەی هەیە، واتە خۆبواردن لە خاڵە جەوهەرییەکان بۆ ئەوە نیە گەنج یاخود خەڵکی تر سەرقاڵ بکەن بە شتی ترەوە و خاڵە جەوهەرییەکانیان لە بیربەرنەوە؟

–من لەو باوەڕەدا نیم کە مەسەلەکان بەو شێوەیە بێ، لەبەرئەوەی لە هەموو وڵاتێکدا ئەوەی کە حیسابی بۆ دەکرێت توانا و کارکردن و بیرکردنەوەیە، تۆ کە لە بەشێکی زانستی دەخوێنی، لە کۆلیژەکەتدا داهێنەریت، بەڵام ئەگەر بێتوو لە هەمان کۆلیژ بۆ نموونە مامۆستایەك ڕقت لێهەڵگرێت، و نومرەکانت بشکێنێ یاخود تۆ کە خوێندنیش تەواو بکەیت، دەرفەتێك نەبوو، وەرشەیەکت بۆ بکەنەوە، کە بتوانیت لەو رێگەیەوە پەرە بە داهێنانەکانی خۆی بدەیت، بێگومان ناتوانیت هیچ بکەیت، بەڵگەنامە لای ئێمە تەنیا لایەنە سیاسیەکەیەتی، دەچیتە بەرێوەبەرایەتیەك فەراغێك هەبێ دادەمەزرێی، پرسیارکردن نیە لە توانای گەنج لە وڵاتی ئێمە، کە پرسیارکردن نەبوو تۆ با هەر داهێنەر بیت، جیاوازیت چییە لەگەڵ کەسێك کە تەنانەت زمانەکەی خۆشی بەباشی نازانێ، من لەگەڵ ئەوەم کە ئەگەر گەنج کەرەستەی گۆڕانکاری بەدەستەوە بوو دەنگی بەرز بکاتەوە بۆ ئەوەی هەمووومان گوێمان لێبێت، بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەو گەنجەیش نیم هیچی پێ نیە، تەنها لە رێگەی وروووژاندنەوە دەیەوێت خۆی بسەپێنێ بەسەر بارودۆخەکەدا، ئەوە زۆر زەحمەتە و ناکرێت، کارێکی ناشیاوە، ئەوەش جیاوازە من هەوڵبدەم بۆ بونیاتنانی وڵاتەکەم لە هەمان کاتدا من هەوڵبدەم بۆ تێکدانی وڵاتەکەم، بێگومان لەم ناوەندە کە ئەم شتانەی تێدەکەوێت، قۆستنەوەش هەیە، قۆستنەوەی ئەو کەسانەی کە کاردانەوەیان لا گەورەیە، ئەو کەسانە کەزیاتر هەست بە پەراوێزکردنی زۆر گەورە دەکەن،

ئەو کەسانەن کە کاردانەوەکان وایلێکردوون هەر کاتێك باسی دەسەڵات دەکەیت ئیتر گرێیەکی دەروونی زۆر گەورە لە ناخیدا دروست دەبێت، یەکڕاست کاردانەوەیەکی توندی لا دروست دەبێت، من دەڵێم ئەمەش هەمووی هەڵەیە، ئێمە نابێ ئەو دەرفەتە بدەین بۆ قۆستنەوەی گەنجەکانمان، گەنجەکانمان پێویستە بە ڕێگەی سروشتی خۆیاندا بڕۆن، لەوەش دڵنیابن کە خوێندنەوە هەیە بۆ توانایان و دەرفەت هەیە بۆ کاراکردنەوەیان، شوێن هەیە بۆ تاقیکردنەوەیان، ئەو شتە تازانەی کە پێیانە بتوانن پراکتیکی بکەن لە وڵاتەکەمان، بەڵام منیش پێت دەڵێم بە داخەوە ئەوە نیە لەلای ئێمە، دەسەڵات لای ئێمە بۆ دامەزراندن سەیری بەڵگەنامەی تۆ دەکات، بەڵگەنامەت هەیە، ئەوە تۆ دەبیتە مامۆستا، بڕۆ خولێکەوە ئەگەر کۆلیژیشت تەواو نەکردووە، لە هەمان کاتدا ئێمە کە دەبینین مامۆستایی ئەرکێکی زۆر گەورەیە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە وەکو ئەوەیە کە بچیت لە دوکانێکدا کار بکەیت، بە تەواوەتی ئاوایە لەبەرئەوەی هیچ ئەزموونێکی بۆ کەسایەتی مامۆستا یتێدا نیە، ئەو سیستەمە هەڵانەیە وا دەکات لای ئێمە گەنج بکەوێتە پەراوێزەوە، گەنج کە بە توانا بوو، ئەو توانایەی نەدۆزرێتەوە، پەرەی پێنەدرێ، کوانێ بواری پەرەپێدانی داهێنانی زانستی، چەند سەنتەرمان هەیە لە وڵاتەکەمان، کە گەنجێك داهێنەر بوو لە بواری تەکنیك و فیکری ئەو بوارەی هەبێ کە دەسەڵات بیهێنێ جیای بکاتەوە لەوانی دیکە، تاکو بتوانێ تاقیکردنەوەی خۆی بکات، تاکو بتوانێ پەرە بە تواناکانی خۆی بدات، مەرج نیە لە هەمان ساڵدا ئەو گەنجە بتوانێ شتێکی تازە یاخود فڕۆکەیەکت بۆ دروست بکات، نەخێر ئەوە ئەزموونێکی درێژە، ئەو کەسەی کە دەیخوێنیەوە دەبێ پەرەی پێبدەی لە هەموو لایەنێکەوە، پێویستی کرد دەبێ بینێریتە دەرێ بۆ ئەوەی خوێندنەکانی تەواو بکات، ئەوەی بیری لێدەکاتەوە بە تەواوەتی دەبێ لەگەڵی بڕۆی و بایەخی پێبدەی، بەڵام لە هیچ شوێنێکدا من ئەو بایەخە نابینمەوە، بەراستی ئەمەیش مەترسییە، ئەو مەترسیەیە کە تۆ باسی دەکەیت، ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بڕۆین هەرگیز ناتوانین بڵێین ئێمە سیستەمێکی مەدەنیمان هەیە.

*حەز دەکەم هەڵوەستە لەسەر یەك شت بکەین، لێرە و لەوێ جوڵەیەك دەبینین بەناوی جوڵەی گەنجان، ئیتر بە هەر ئاراستەیەکدا بڕوات بانگەشەی ئەوە دەکات کە دژی گەندەڵییە، دژی ئەو ڕۆتینانەیە کە سەرلەبەری کایەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لێرە و لەوێش کاردانەوەی دەسەڵات دەبینین کە ئەو ئامادە نیە گوێیان لێبگری بەڵام لە هەمان کاتدا حوکمی ئەوە دەدات کە ئەمانە تێکدەرن، لە کاتێکدا ئەمە پێویستی بەوە هەیە گوێیان لێبگیرێت و لە داواکارییەکانیان بکۆڵنەوە، ئەمەش وا دەکات لەلایەنی دەروونییەوە ئاڵۆزییەك لە گەنجدا دروست دەبێ، پێتوانییە هەموو ئەو گرفتانەی کە گەنج لەگەڵ دەسەڵاتدا هەیەتی لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دەسەڵات جۆرە ڕەتکردنەوەیەکی هەیە بۆ داواکارییەکانی ئەوان؟

–خۆی مەسەلەکە گوێگرتن نیە، من پێت دەڵێم خەریکە دیاردەیەك پەیدا دەبێت کە ئێمە دیموکراتیەت لەوەدا دەبینین، ئازادانە بیروراکانمان دەربڕین و تەواو، ئەوە کۆتایی هەموو شتەکانە، لە راستیدا ئەوە کۆتایی نییە، ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە گەر حکومەتێك خۆی بە دیموکراتی دابنێ بەوەی ڕێگە بدات خەڵکانێك بە ئارەزووی خۆی قسە بکات، ئازادی رادەربڕین بە هەموو شێوەیەك بێت، من هەڵەکە لەوەدا دەبینم:

چ بەدواداچوونێك هەیە بۆ ئەو کێشانەی کە باسی لێوە دەکرێ و گەنج باسی دەکات، کێن ئەوانەی بەدوای ئەو کێشانەدا دەچن، کێن هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە و پێشنیاریان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، هەموو دەسەڵاتێك ناوەندێکی هەیە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی دژ بە خۆی، هەندێجاریش بۆ بیروڕای ئۆپۆزسیۆن، بۆ بیروڕای چینێك لە کۆمەڵگەکەیان، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت: ئاخۆ ئەوانەی کە ئەو کێشانە دەبەنە بەردەم دەسەڵات، چەندێك توانای ئەوەیان هەیە کە بە شێوەیەکی راستگۆ، بە شێوەیەکی زانستی، ئەو کێشانە بە ناوەرۆکێکی جوان(لێرەدا جوان مەبەستم وردبینییە) و وردبینانە خاڵەکان دەستنیشان دەکەن و بیخەنە بەردەم دەسەڵات و پێشنیاریشی هەبێت بۆ دەسەڵات، هەندێجار وێنەی زۆر هەڵە دەدەنە دەسەڵات لەبارەی گەنجەکانەوە، کەوا دەکرێ لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوەی ئێستا کە دەسەڵات باسی دەکات، کە بەڵێ ئازادی رادەربڕین تا رادەربڕین هەیە و هەر کەسێك دەتوانێ ئەوەی کە هەیەتی بیڵێ، و ئەو ئاراستەیەش تا رادەیەك من پێت دەڵێم سەرکەوتووە، دیسانەوە دەڵێم بە چی دەچێت ئەگەر بێتوو بەدواداچوونی ورد نەبێت بۆ ئەو هەموو شتانەی کە بە لێشاو دەنوسرێت و ئەو هەموو بیرکردنەوانەی کە بە لێشاو بڵاودەکرێنەوە، کێن ئەوانەی بەدوای ئەوانەدا دەچن؟ ئەگەر بێتوو لە کێشەی گەنج بکۆڵرێتەوە دەبێ وێنەی روون هەبێ بە دەستەوە لە کێشەکانی خودی گەنجانەوە، زۆر جار رووداوی وا روودەدات

لە بناغەوە مەبەست لەوەدا نیە کە دژایەتی دەسەڵات دەکرێ یاخود کاردانەوەیەکی توندوتیژ هەبێ بەرامبەر بە دەسەڵات، نەخێر زۆر جار بە هەڵە لێکدەدرێتەوە، دەسەڵات دێت بە هێزەوە ئەوانی تر دێن بە هێزەوە، گێرەشێوێنی و ئاژاوەی تێدەکەوێت، نەخێر ئەوە هیچی بناغەی بابەتەکان نیە، بناغەی بابەتەکان لەوێیە بۆ نموونە کەسانێك هاوار دەکەن دەبێ بزانرێت ئەوانە بۆ هاوار دەکەن، دەبێت چارەسەریش بۆ ئەو هاوارانەیان بدۆزرێتەوە، بەڵام من ئەوەی دەیبینم بەو شێوەیە نییە، ئەو گەنجەی کەوا هاوار دەکات یاخود جۆرە بیرکردنەوە و جۆرە دژایەتییەکی بۆ دەسەڵات لا دروست دەبێت، لەلایەکەوە ئەو گەنجە پێشنیاری دروستی نیە کە لەگەڵ واقیعی ئێستادا بگونجێ، لەبەرئەوەی تۆ ناتوانی واقیعێك کە ماوەی(15) ساڵە سەپاوە لە ماوەی شەو و رۆژێکدا گۆڕانکاری تێدابکرێت، پێویستە گەنج لە روویەك لە رووەکانەوە قسەی خۆی بکات، من نامەوێت بڵێم ببێتە پیاوی دەسەڵات، بەڵام بتوانێت پێشنیاری بەهێز و دروست و پرۆژەی بەهێز و دروست بخاتە بەردەم دەسەڵات، لەبەرئەوەی ئەو ناوەندانەی کە دەتوانێ هەموو ئەو نوسین و پرۆژانە بگرێتە خۆی لای ئێمە بزرن.

* پێتوایە ئەوەندە گوێ لە گەنجە حزبیەکان دەگیرێت، ئەوەندە گوێ لە گەنجە سەربەخۆکانیش دەگیرێت ئەگەر خاوەن پرۆژەی باشیش بن؟

– پێویستە گوێ لە هەموو لایەك بگیرێت، بەڵام من پێت دەڵێم بە دڵنیاییەوە دەسەڵات گوێ لە کەسێکی حزبی دەگرێت لەبەرئەوەی هیچ گرفتێکی لەگەڵیدا نییە، بەڵام زۆر بە قەلەقی و تێنەگەیشتن و ناروونیەوە دەروانێتە کێشەی گەنجەکان، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە بەو جۆرە بیرکردنەوە و بەو جۆرە کاردانەوە مامەڵە لەگەڵ گەنجەکانمان بکەین، گێرەشێوێنی تێدەکەوێت و خراپتریش دەبێت، و توانای گەنجی ئێستا بە فیڕۆ دەروات، پێویستە دەسەڵات کە ئەمە زۆر جەختی لەسەر دەکەمەوە، زۆر زۆر بە وردی لە بارودۆخی هەموو چین و توێژەکان بە گەنجانیشەوە بکۆڵێتەوە، بەڵام ئێستا تۆ لەو باوەڕەدای کێشەی کوردستان هەمووی لە گەنجەکاندایە؟ من باسی کێشە سیاسییەکان ناکەم، بەڵام باسی کێشەی ناو کۆمەڵگە دەکەم، تۆ چەندین چینی بێ سەرپەرشتیت هەیە؟ چەند کەسی بێ خاوەنت هەیە؟ چەند کەسی بێ خانوو و مووچەت هەیە کە ژیانیان بە کولەمەرگی بەسەر دەبەن؟ ئەمانە هەمووی کێشەن، ئەو کێشانە هەمووی پێویستە دەسەڵات بە شێوەیەکی زانستی بڕیاریان لەسەر بدات، دامودەزگەکانی لەو پێناوەدا بخاتەکار کە چەندێك زانیاری هەیە لە بارەی کۆمەڵگەکەی خۆیەوە، من دڵنیام لەوەی کە دەسەڵاتی ئێمە زانیارییەکی وردی لەبەردەستدا نییە لەوەی روودەدات لەناو کۆمەڵگەی ئێمە، هەڵەکان لەوێوە دەستپێدەکەن.

* چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە و بەردەوامی، پێتوایە چارەنووس و ئایندەی ئێرە بەرەو چ ئاقارێکدا دەبات؟

– لە هەموو کۆمەڵگەیەك کە دروست دەبێ لەلایەنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە گەشەسەندنی تێدەکەوێت، ئەو گەشەسەندنانەش کاردانەوە دروست دەکات لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا، بۆ نمونە سەرهەڵدانی کارگە لە ئەوروپا گەورەترین کێشە دێنێتە پێشەوە، کێشەی نێوان کرێکار و خاوەن کارگە، کۆمەڵگەی ئێمەش لەلایەن ئابوورییەوە هێشتا کامڵ نەبووە، لەلایەنی سیاسییەوە دەتوانم بڵێم هێشتا لە نیوەی رێگەداین، لەلایەنی کۆمەڵایەتی و سیستەم و بەرێوەبردنەوە هێشتا کەموکوڕیمان زۆرە، لەلایەنی خزمەتگوزارییەوە هێشتا کەموکوڕی هەیە، بەڵام ئەمانەش پاساو نین بۆ ئەوەی کە ئێمە نەتوانین هیچ بکەین یان پەلە نەکەین لە پێشخستنی کارەکانمان، من لەو باوەڕەدام زۆر سروشتیە کە هەموو گۆڕانکارییەك رووبدات و چاوەڕێی هەموو گۆڕانکارییەکان بین، مەسەلەکەش لەوەدا نیە کە تەنها دەسەڵاتێك دەروات و دەسەڵاتێکی دیکە دێت، ناوەندێکی تازە دروست دەبێ یان بیرکردنەوەی تازە دروست دەبێ لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەمانە هەمووی روودەدەن، هەموویان کراوەن لەبەردەم ئەو ئەگەرانەدا، ئەمە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە چۆن وڵات بەرێوە دەبەین، بە چ بیرکردنەوەیەك و چۆن بتوانین کەسەکان بە خۆمانەوە بگرین، بیانکەینە هاوبەش، ئەگەر ئەمە روونەدات تەنها دەسەڵاتیش نیە کە زەرەر دەکات بەڵکو کۆمەڵگەکەی ئێمە هەمووی زەرەر دەکات. هەمووی دەکەوێتە ئاقاری جیاواز لە شوێنی خۆیەوە، جیاواز لەو پەرەسەندنەی کە ئێمە پێویستە لەسەرمان لەسەری بڕۆین، لەبەرئەوەی ئێمە هێشتا میللەتێکی کێشەدارین، هێشتا میللەتێك نین کە بڵێین تەواو ئیتر سیستەمێك هەیە و لەسەدا سەد گەیشتووین بە هەموو ئامانجەکانمان، دەبێ ئێمە لەسەر ئەو سیستەمە کار بکەین و تەواو، ئێمە هێشتا پێویستمان بە بیرکردنەوەی زۆر هەیە، بە پرۆژەی زۆر هەیە، ئەمەش پێویستی بە هەموو کەسێکە، بە توانای هەموو کەسێکەوە،

زۆر به وردبینیەوه ئەو توانایە بگرینە خۆمان، ئەگینا هەموو هەوڵەکانمان بە فیڕۆ دەچن، دڵنیاشت دەکەم ئەگەر بێتوو ئەم پرۆسەیە بەمشێوەیە بڕوات، ئەمە پرۆسەیە، کۆمەڵگەیەك نیە کە چینێکی بەرز و چینێکی نزمی تێدا دروست دەبێت، ئێمە هێشتا ناتوانین بڕیار لەوە بدەین کە چ جۆرە سیستەمێکین، لە سەداسەد سەرمایەدارین یاخود دیموکراتین.